فەرهەنگی

«ئێریەن ڤاچ»

محەمەد ئەمین هەورامانی

پێشەكی:

دەربارەی كۆچ كردنی هۆزوتیرە ئاریایەكان. بۆ نیشتمانی ئەمرۆیان، مێژوو هەواڵی ناجۆر بە دەستەوە دەدات. بەلام لەگەڵ ئەوەش دا، زۆربەی مێژوونووسان و جوگرافیاناسان و پشكێنەرە دێرینەكان، بە تایبەتی ئەوانەی گریك و ئەوانەیش، كە دوابەدوای ئەوانەوە هاتوون، لەوەدا یەك كەوتوون، كە پتر لە هەزاران هەزار ساڵێك،[1] پێش زایینی، هۆزوتیرە ئاریایە جۆربەجۆرەكان، بە هۆی ساردو سڕبوونەوەی ئاوو هەوای نیشتمانی بنەرەتیانەوە، بەخبەندان بوون و بەستەڵەك كردنی بەروبوومی ئەو نیشتمانەو بەرەو نەزۆكی[2] چوونی، لە رووی رواندن و هێنانەبەری بەروبوومەوە، بە شێوەی پۆلە هۆزو تیرە هەندێ لەوانە بەرودوا، لە رێبازی ئەفغانستانی ئەمرۆوە، بەرەو چەم و دۆڵەكانی (پەنجاب) ـ هیندستان ـ ی ئەمرۆ كۆچیان كردووەو ئەوجا، كۆچی پۆلەهۆزو تیرەی‌دیكەش بەرەو بان و چەم و دۆڵەكانی ئێرانی ئەمرۆ هاتوون.[3]

هەر شەپۆلە پۆلەی لەو هۆزو تیرە كۆچ كردوانە، بریتی بووە لە كۆمەڵە هۆزوتیرەی خزم و خوێش بە یەكتریی، كە بە تەنیا شێوەیێ گفتوگۆیان كردووە (بە پێی پان و پۆری نیشتمانی بنەرەتییان ـ كەبەئاسایی ناوەڕاست دادەنرێت لەوانەیە، هەر شەپۆلەی لەو كۆچ كردوانە، خاوەن شێوەزارێكی تایبەتی بوویێ)و لە چەم و دۆڵێكی ئاوو هەوا تایبەتی‌دا، كە لەكاتی رێگە بڕینی كۆچ كردن دا رێیان تێی كەوتووەو بە شایستەی ئەوەیان زانیوە بی‌كەن بە مەڵبەندی ژیانیان و تیای‌دا نیشتەجێ بوون.[4]

ئەوەی، كە لێرەدا، جێگای مەبەستی ئێمە بێ ئەوەیە، كە شەپۆلە پۆلێك، یان پتر، لەو هۆزو تیرانە بەرەو چەم و دۆڵەكانی كوردستانی ئەمرۆ هاتوون و تێی‌دا نیشتەجێ بوون.

بروا بۆ ئەوە دەچێ، كە ئەو شەپۆلە هۆزو تیرە ئاریایانەی بەرەو كوردستانی ئەمرۆ هاتوون لە شەش هۆزی سەرەكی پێك هاتبن و بە ناوی (ئێریان ڤەچ)[5] ەوە نیشتمانیان ناوبانگی دەركردووە، هەروەك زمانەكەشیان بەو ناوەوە ناوبراوە.

زاراوی «ئێریان ڤەچ»:

پێش ئەوەی دەم لە دەمەتەقێی زاراوی (ئێریان ڤەچ)ەوە بدەین بەپێویستی دەزانم، كە لە (رووالەت)و (ناوەرۆك)و (واتا)ی «گۆرانی بێژ» ورد بینەوەو بی‌دەینە بەر رۆشنایی لێكۆڵینەوە.

زاراوی (گۆرانی‌بێژ)و (ستران بێژ)و (گۆرانی‌واچ) یەك واتاو یەك جۆرە رووالەتیان هەیە.

زاراوی (گۆرانی‌بێژ)، لە دوو وشەی یەك گرتوو پێك هاتووە: وشەی (گۆرانی)، كە (ناو)ەو لەگەڵ قەدی رانەبوردووی (بێژ)دا یەكی گرتووەو وشەی ناسادەی

(گۆرانیبێژ)یان، دروست کردووەو دەوری ناوی (پیشەی هونەریی)و هی (ناو)و هی (ئاوەڵناو)یش دەبینێ.

زاراوی (ستـــران بێـــژ)یش، لە (ستـــران)و (بێـــژ) پێـك هاتــووە، ئەگەرچی (ستران) خۆی، لێك دراوی (س + تەرنیم)ە.

زاراوی (گـــۆرانی واچ)یش، هەر هەمـــان دەستـــوور لە وشەی (گۆرانی)و وشەی (واچ) پێك هاتووە.

هەر بەو پێیەی کە یەك واتا دەبەخشن «واتە: هەر سێ زاراوەکـە، (گـۆرانیبێـژ)و (ستـران بێـژ)و (گـۆرانیواچ)، کەوابـوو وشـەی (بێـژ)و هی (واچ) یەك واتـا دەدەن، لەبەر ئەم هۆیـە، پێـویستـە لە بنەڕەتی ئاڵوگۆڕبوونی هەردووکیان ورد ببینەوەو شوێنەواریان هەڵ بکەین (هەڵ بگرین).

هەروەك، لای زمـــانـــاســـان ئاشکـرایـە، هەر (کـار = فرمان)ێ لە زمانی کوردیدا، دوو جۆرە (قەد = ڕەگ)ی هەیە؛ هی (ڕابوردوو)و هی (ڕانەبوردوو)ش.

ئەوجـــا، بەو پێیـــە، (وات)، قەدی (ڕابـــوردوو)ەو (واچ)یش هی ڕانەبوردوو.

وشەی (واچ)، یان (ڤاچ) بە هۆی وەرگرتنی پاشبەندی (ـ ە)ەوە، بووە بە (ناو)و (بوو)شە بە چاووگی (کار = فرمان).

وشـــەی (ڤـاچ)، یان (واچ) بە واتـای (بێـژ) هاتـووە. (بیـــر)و هۆشی زمـــانـنـاسیش، وەهـا وردی دەکـاتـەوە، کە (ڤـاچ)، یان (ڤـەچ) لەبنـەڕەت دا هەبووەو بەرەبەرە، پاش بەسەرچوونی زەمان بووە بە (ڤاژ)، یان (ڤەژ)و ئەوجا بەرەو (واژ)یان بەرەو (وەژ) چووەو ئەوجا لە هەندێ ناوچەدا، بووە بە (وێـژ)و لە هەنـدێ ناوچـەیدیکـەدا، بووە بە (بێـژ، کە هەنـوکـە لە شارەزووردا، بەپانیو درێژایدا، هەردووکیان بەکار دەهێنرێن.

وشـەی (واچ)، یان (ڤـاچ)یش، وەك (قـەد = ڕەگ)ی ڕانــەبــوردووی (کـار = فرمـان)، لەگـەڵ ڕانـاوی کەسی (لکاو)دا هەڵ دەسووڕێو بەم جۆرە:

ـ **بۆ کەسی سێیـــەمی تاك: مواچـــۆ (مـاچـۆ)، کە بە واتای؛** (دێژێ) = (یەژێ) = (دێژێت) = (یەژێت) دێ.

ـ **بۆ کەسی یەکـــەمی تاك: مواچـــوو (مـاچـوو)، کە بەواتای؛ (دێژم = یەژم)دێ.**

ـ **بۆ فەرمان: (بواچە) = (واچە)، کە بە واتای؛ (بێژە = یەژە) دێ.**

لە ڕووی ئاڵـوگـۆڕی دەنگسـازییەوە، سازگەی دەنگی [چ]و دەنگی [ژ]، زۆر نزیکی یەکتـرین و وەك خێــزانی کەرەسەی زمان، ئەم دەنگە دەبێ بەوو ئەویش بەم دە...

لە لایـێکیدیکـەشـەوە، سازگـەی دەنگی [ت]. بە سازگەی دەنگی [ژ]ێوە زۆر نزیکە. بە شێوەیێکی ڕوونتر لە سێ پلەدا، کە (موو)یەك، نێوان پلەییێك و یەکێکی دیکە جیادەکاتەوە، دەنگەکانی [چ]و [ژ]و [ت] ساز دەدرێن.

کەوابـــوو زۆر نزیکـەو زۆر ڕەواشـە، کە دەنگی [چ] بە دەنگی [ژ] بگۆردرێو ئەمیش بەرەو دەنگی [ت]، بەپێی ڕێـــڕەوی بەرەو ئاســان چوون و جۆری کارتـێکـردنـی دەنگیدراوسێ، سەردەنگە دراوسێیەکەی.

بەم پێیە، بۆمان هەیە، بڵێین:ـ

ـ (واچـــە = ڤاچـــە ← (ڤـاژە = واژە) ← (وێــژە) = (بێژە). هەروەها:

ـ (واچـــە = ڤاچـــە) ← (واتـــە)و لەمیشـــەوە، چاوگی (گوتن)و (وتن)، وەرگیراوە.

ئەگـــەر، ئەم جۆرە ئاڵـــوگـــۆڕە بەو جۆرە ڕێـــڕەوەی نەڕۆیشتبـــایێ هەرگیـــز، نە زاراوی (گـۆرانیبێـژ)و نە هی (ستران بێژ) دەبوو!

یاخود، ئەگەر ئەوان هەبوونایێ، دەبوایێ زاراوێکی هە... بەو جۆرەی وەك (گۆرانی بڵێ)، هەبوایێ!!

بەشێوەییێکی ڕۆشنتر؛ (واچ = ڤاچ)و (بێژ) تەمەنێکی لە زمانی کوردیدا بەسەر بردووەو وشەی (بڵێ)و(گوتن)یش. وەچەی نوێی ناو زمانی کوردین.

شێوەزاری ماچۆ.

بەر لەوەی، بەرەو دوای دواوەو بەرەو دێـریـن دەمـی باووبـرەوی وشـەی (مـاچـۆ) بڕۆینـەوە، یا بگـەڕینەوە، بە پێـویـسـتـی دەزانـیـن، کە فرەیـزێکی سەرزاری خەڵکی کوردەواری ناو شارەزوور هەیە، بە یادی بهێنینەوەو ئەویش ئەوەیـە، کە ناوبـەنـاو بۆ پێناسەی کەسێ، یان یەکێ، کە لەبەرخۆیەوە دەئاخەفێ، یان لەگەڵ خۆیدا وات ویتیەتی (یەژێ)، دەوترێ: (کابرا لەبەر خۆیەوە، واچە واچیەتی!).

ئەم فرەیزی (واچەواچ)ە، بە واتایەك دێ، کە مەبەستی بەدەستـەوەدانی ناوی شێـوە زارێکـە، کە (ڕەگی) یاخـود، قەدی (واچە)ی[٦] زۆری تێدایە، ئەویش، شێوەزاری (ماچۆ)یە.

کاکەیی‌یەکان، یاخود، با بێژین ئەهلی هەق، بە زمانی نووسـراوی دەفتـەرە دینی‌یە نووسراوەکانیان، یەژن، زمانی کوردی، یان شێـوەزاری (مـاچـۆ)و بەشێوەی (سۆرانی) یان شارەزووری، شێوەزاری (جافی) یەژن.

بەم پێ‌یەو بە تایبەتی پاش ڕوون بوونەوەی ئەوەی، کە (قـەد)ی، یاخـود (ڕیشـە)ی وشـەی (ڤـاچ = واچ)و هی (مـاچـۆ)، هەر یەکێ بوو، ئەمـە لە لایـەکـەوە، هەروەهـا بوونی ڕیشەی زۆری وەك (واچ = ڤاچ)و (وەچ = ڤەچ)و (وێـژ)و (بێـژ)و بوونی پەیـوەندی زۆر بەتینی دیکەی زمانی (لـەلایـەکی دیکـەوە، لەبـەشی وشـەو موفـرەدات و ڕیشەو قەددا، بە درێژی باسی ئەم خاڵە دەکەین پەیوەندی‌یەکان ڕۆشن دەکەینەوە) لە نێوان زمانی (ئێریەن ڤەچ = Aryana Vaejah) و هی (مـاچـۆ)دا، وامـان بە دەستـەوە دەدەن، کە هەردووکیان وەك ڕیشەو قەدی دارێ بن، وەهایە!

وشـەی (ڤـاچ = واچ)، زۆر کۆنـەو لە ئاوێستـادا، بەو جۆرە واتـایـەی، کە لێکمـان دایـەوە، بۆ چەنـدان جارێ هاتـووەو بە زمـانی ئاوێستـاش زمـانی (ئێریەن ڤەچ) وتراوە (تەماشای، ل ـ ١٩٩، تأریخ زبان پارسی، د. خانلری، هەروەهـا بروانـە، تأریـخ مشـرق قدیم ـ حسن پـیـرنیـا «مشیرالدولە» بەشی، ایران باستان، ل ـ ١٥٦».

شایـانی باسـە، هەروەك بە زمـانی ئاوێستـا، زمـانی (ئێریەن ڤەچ) وتراوە، بە نیشتمانی ئەو خەڵکەش، کە بەو زمانە گفتو گۆیان کردوە، وتراوە نیشتمانی (ئێریەن ڤەچ)و گەل و هۆزو تیـرەی (ئێـریـەن ڤەچ)یش یەکێ بووە، لەو شانـزدە شەپـۆلـە کۆچـەی ئاریایی کە لە نیشتمانی بنەڕەتی خۆیان، بەرەو بانەکانی ئێران کوردستانی ئەمڕۆ کۆچیان کردووە.

پێش ئەوەی، ئەم کورتە پێشەکی‌یە بەجێ بهێڵین و بەرەو لێکـدانـەوەی ناوەڕۆکی فەرهـەنگـەکە بڕۆین، بە پێویستی دەزانین، خاڵێك هەیە ڕۆشنی بکەینەوەو ئەویش بە کورتی:

یەکەم؛ چونکە، تا ئێستە خاوەنی هیچ شتێ نەبووین، ئەگەر هات و گەیشتینە ڕاستی‌یەکیش، هەرگیز، لە دەست هەڵ بەستی بێگـانـە سەر لەبەرتر نابێ، لەگەڵ ئەوەش دا، دەبێ خوێنـەری بەڕێـز ئاگـادار بکـەین، بەوەی، کە پاش بەراوردکـردنـێکـی سەرپـێـی نـێـوان ئاوێـسـتـاو شـێـوە زارەکـوردی‌یـەکـانی ئێستـا، لە ڕووی (قـەد)و (ڕیشـە)و موفـرەداتی دیکـەوە، هەروەهـا هی نـێـوان پارسی باسـتـان زمـانی ئاوێستـا، وای بۆ دەچم، کە زمـانی کوردی (بـە سەرپـاکی ناوەڕۆکی ڕەسـەنی شێـوەزارەکانی‌یەوە) لە نەوەی نوێ زمـانی ئاوێستـاوە، زۆتـر نزیکە، **تاوەکو هەر زمانێکی دیکەی ئێرانی، کە وەك پارسی باستان، یان پەهلەوی بێ!**

بوونی ئەو وشەو موفرەداتە هاوبەشانەش، کە بەشداری نێـوان زمـانی پارسی کۆن و زمـانی ئاوێستـا دەکـەن، دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی، کە پارسەکان (حازرخۆربوون، نەك بێستـان ڕن) نیشتنـە سەر کەلـەپـووری ڕۆشنبیـریی دینی‌و دنیایی بنەڕەت بەستراوو بە تینی میدیەکان.[٧]

بە شێوەیێکی ئاشکراتر، پارسەکان، هەروەك چۆن بە زۆر کوردستانیان کردووە بە وڵاتی خۆیان، بەو جۆرەش سەروەت و سامانی کەلەپووری‌و ڕۆشنبیری میدیەکانیان بە

ناوونیشانی خۆیانەوە تۆمار کردووە.

دووەم، ئەوەی کە پتـر پاڵپشتی ئەم راستییـەمـانـە، ئەوەیـە، کە ئەوەی دەربـارەی دینی خەڵکی (پـاسـارگـادا)و وڵاتی (ئانزان) - نیشتمانی دایگزادی پارسە - دەگێڕرێتەوە، لە بت پەرستی بەولاوە، هیچ جۆرە خوایەکیان نەناسیوە.

ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، جگە لەوەی، کە ماوەیێکی زۆر دوورو درێـژ لە نێـوان سەرچـاوەی دینی خاوەن ئاوێستـاداو مەڵبـەنـدی پارس دا هەیـە، دینی خاوەن ئاوێستـا لەکـاتێـك دا پەیـدابـووەو پەرەی سەنـدووە، کە پارسـەکـان لە (پـاسـارگـاد)و (ئانزان)دا، هێشتا بەروپشتی خۆیان نەناسیوە!!

سێیـەم؛ سەرچـاوەی، پەیـدابـوونی ئاوێستـاو زمـانی ئاوێستــاو دینی ناو ئاوێستــا، هەر تەنیــا بۆ لای سەروو و سەرووی رۆژئاوای ئێران (کوردستانی ئەمرۆ) دەبرێتەوەو لە هیـچ سەرچـاوەیێکی بڕوایێ کـراوداو ئا لەو رووەوە، باسی شیـراز، یان دانیشتـوانی (پـاسـارگـاد)و (ئـانـزان) بە هیچ جۆرێ نەکراوە!!

پەراوێز.

---

١ - لە دێـرین زەمـانـەوەو لە ماوەیێکی دوورو درێـژدا (2000000 - پ.ز، تا، 2000 - پ.ز)، گەل و هۆزە ئاریـاییـەکـان، کە لە ناوچـەکـانی ئاسیـای ناوەڕاست دا دەژیـان، بە هۆی بەرەو ناسـازچـوونـی ئاووهـەوای نیشتمانیان، بە شێوەی پۆلە هۆزو تیرەی خزم بە یەکتریی، بەرەو چەم و دۆڵە ئاودارەکانی ئێران و ئەفغان و کوردستان و پەنجاب کۆچیان کردووە.

هۆزوتیـرە هینـدییـەکـان، (هەروەك مێژووی نووسینی «ڤیدا» کتێبی ئاینی پیرۆزی هیندییە دێرینەکان، بۆ نێوان «١٤٠٠ - ٨٠٠ - پ.ز» دەگـەڕێتـەوە) پێشـرەوی هۆزە ئاریایەکان بوون لە کۆچ کردن داو لە ڕێبازی ئەفغانستانەوە بەرەو وڵاتی (پـەنجـاب)ی ئێستـا چوون و بە ناوی «هـەینە هیندو»وە ناویان ناوە، کە واتای (نیشتمانی) هیند دەدات و حاڵی حازر بووە بە (هیندستان) (تەماشای: ل - ١٥٦ - ١٥٩ - ی حسن پیرنیا - مشیرالدولة - تأریخ مشرق قدیم. بکە).

٢ - هەنـدێ لەو پشکێنـەرو زانـایـانـە، کە بە تەنگەوەی زانینی هۆی کۆچ کردنی ئەو هۆزو خێڵە ئاریایەوەن، بۆ ئەو ناوچــانـەی ئەمـرۆیـان، وای بۆ دەچن، کە هۆی سەرەکی کۆچ کردنیان، بۆ هۆی ساردبوونەوەی ناو زگی زەوی‌وزاری نیشتمـانی بنـەرەتیو بنچینەییان، دەگەڕێتەوە (تەماشای. ل - ١٤٣، هەمان سەرچاوە، بکە).

لەم ڕووەوە ئەفسانەیێك دەگێڕێتەوە، ئەویش، ئەوەیە کە بەهـۆی ناراستی وتنـەوەو (بـەد) گوتنـەوە، زەوی‌و بوومی نیشتمـانی دایکـزادی گەل و هۆزەئـاریـایـەکـان ساردوسـڕ بووەتـەوەو بەستـەڵـەکی بەستـووە، ئەوانیش لەوێدا خۆیان پێ نەگیراوەو بێ پەروا بەرودوا کۆچیان کردووە.

٣- زۆربـەی پشکێنـەرەکـان (ئـەوانـەی بە تەنـگ هۆی زانینی کوچ کردنی گەل و هۆزە ئاریایەکان بەرەو نیشتمانی ئەمـڕۆیـان و ناسینیـان هاتوون)، وا، بۆی چوون، کە ئەو شەپـۆلـە هۆزو خێڵە ئاریـایـانـە، بەرودوا لە ماوەیێکی درێژخایەن دا، بە سێ ڕێگای جۆربەجۆردا کۆچیان کردبێ

هەندێ لەو شەپۆلانە (هەر شەپۆلەی بریتی بووە لەچەند هۆزو تیرەی نزیك بەیەکتری) لە ئەفغانستانی ئەمڕۆوە بەرەو چەم و دۆڵەکانی (پەنجاب) ڕوویان ناوەو تیادیدا نیشتەجێ بوون. هەندێکی دیکەش بەرەو کوردستانی ئەمرۆ هاتوون و تیـایدا نیشتــەجێ بوون، هەنـدێ شەپـۆلی دیکـەش لە ئەفغـانـەوە بەرەو بانـەکانی ئێران هاتوون و لەجێگاو شوێنی گونجـاودا بۆ بەردەوامی ژین و ژیـانیـان تیـایدا نیشتـەجێ بوون. (بـروانـە، ل ١١ - ١٢ - ی زمـانی ئاوێستـا، بە زمانی ئینگلیزی وەرگیرانی نەورۆزۆڤ).

٤ - پشکێنەرە زاناکان، وای بۆ چوون، کە ئەو هۆزو

تیرەو ئێلە ئاریاییانە، بە بەرودواوە، لە ماوەی درێژی کۆچ کردنیان دا، تاوەکو نیشتەجێ بوونیان، نزیکەی شانزە شەپۆلی بەرەو هۆزو تیرە بوون و لە شانزە ناوچەی جۆربەجۆری کۆچ بۆکراودا، نیشتەجێ بوون و بە پێی ئەو ناوانەی، کە لە ئاوێستادا هاتووە، ئەمانە ناوەکانیان:-

١ - هۆزوتیرەی (ئەیریەن ڤاچ)، لە چەم و دۆڵێك دا، لە نیشتمانێك دا ژیاون، پێی وتراوە ولاتی (ئەیریەن ڤاچ).

ئەم ولاتە، هەروەك پشكێنەرە گریكەكان وا بۆی چوون، كوردستانی ئەمرۆی ئێرانە.

ئەوەش، كە پاڵپشتی ئەم راستی‌یە بێ، ئەوەیە، كە لە ناو زمانی ئاوێستادا، وشەی (ڤاچ) زۆر دووبارە بووەتەوەو پات كراوەتەوەو بە واتای (وتن)و (بێژە) هاتووە، ئەمە لەلایەكەوەو لە لایێكی دیكەشەوە، لە ئاوێستادا بە زمانی ناو ئاوێستا، دەوترێ؛ زمانی (ئەیریەن ڤاچ)و ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە زمانی كتێبی ئاوێستا پێش ئەوەی ناوی ئاوێستای پێوە بنووسرێ بە ناوی زمانی (ئێریەن واچ)ەوە ناوبراوە.

٢ - سوغدەیی، یاخود هۆزوخێڵی (سەغدی)، كە لە ناوچەی (سەغد)، كە ناوچەی (سمرقند)ی ئەمرۆیە گلیان خواردووەتەوەو تیای‌دا ژیاون.

٣ - هۆزوتیرەی (موور)، كە لە ناوچەی مەرۆ(مرو)ی ئەمرۆ نیشتەجێ بوون.

٤ - هۆزوتیرەی (باخزی)، كە لە ناوچەی (باختەرە)، یان (باكترە)یەو كەوتووەتە لای‌سەرووی رۆژهەلاتی ئەمرۆی ئێرانەوەو بە «بەلخ»ەوە، ناوبانگی دەركردووە.

٥ - هەندێ هۆزو تیرە، لە ناوچەی «نیسایە» نیشتەجێ بوون و لەپاشان دا، ئەم ناوچەیە، بە (نیشابور)، یان (نیسابور) ناوبانگی دەر كردووەو ئەم ناوچەیەش كەوتووتە ناوچەی (خراسان)ی ئەمرۆوە.

٦ - شەپۆلێ لەوانە، لە ناوچەی (هیرای)، كە حاڵی حارز (هیرات)ی پێ دەوترێو ناوچەرگەی ئەفغانستانی ئەمرۆیە نیشتەجێ بوون.

٧ - شەپۆلە هۆزو تیرەی‌دیكە، لە ناوچەیێك دا نیشتەجێ بوون، كە پێی وتراوە (ڤەئای‌كژیتە)و ئێستەش ئەم ناوچەیە كەوتووەتە ناوچەی (كابل)ی ئەمرۆوە، لە ولاتی ئەفغانستان.

٨ - شەپۆلە هۆزو تیرەی ئاریانی دیكە، خۆیان و كۆچیان لە ناوچەیێ گرتووەتەوە، كە پێی وتراوە (ئورو) ئەو ناوچەیەش، ئێستە بە (طوس)، یان (غەزنە) ناو دەبرێ.

٩ - شەپۆلە هۆزو تیرەی دیكە، لە ناوچەی (ڤەهرگا) گلیان خواردووەتەوە، كە ئێستا بە ناوی (گورگان)ەوە ناو دەبرێو كەوتووەتە رۆژهەلاتی خوارووی قەزوێنەوە.

١٠ - شەپۆلێ لە هۆزو تیرەی ئاریانی‌دیكە، لە ناوچەی (هەرەهەوراتی) گلیان خواردووەتەوەو حاڵی حازر بەو ناوچەیە (رەوخاج) = (رەوخاگ) دەوترێو كەوتووتە لای خوارووی (ئەفغانستان)ەوە، یاخود ناوچەی (بلووجستان)ی ئەمرۆیە.

١١ - شەپۆلێكی دیكەی ئەو هۆزوتیرە ئاریانە بەرەو چەم و دۆڵی (ئای تەوم نت)دا كۆچیان كردووەو تیای‌دا نیشتەجێ بوون و ئەو ناوچەیەش، حاڵی حازر، بە چەم و دۆڵی (هێلمەند) ناسراوە.

١٢ - هەندێ لەو هۆزانە، لە شەپۆلێك دا، بەرەو ناوچەی (رەگە) كۆچیان كردووەو تیای‌دا نیشتەجێ بوون و ئێستاش ئەو ناوچەیە، بە ناوی (رەی)یەوە، دەناسرێ.

١٣ - شەپۆلێكی دیكەی لەو هۆزو تیرانە، بەرەو ناوچەی (سەخرە) یان (جەحرە) كۆچیان كردووەو تیای‌دا گلیان خواردووەتەوەو ئەو ناوچەیەش - ئێستا - بە (شاهرود) كە كەوتووەتە ناوچەی (دامغان)ی ئێستاوە، ناو دەبرێ.

١٤ - هەندێكی دیكە لەو هۆزو تیرانە، لە ناوچەی (ڤەرینە) گلیان خواردووەتەوەو تیای‌دا نیشتەجێ بوون و ئێستاش بەو ناوچەیە (ئەلبورز) دەوترێ.

١٥ - شەپۆلێكی زۆر سەرەكی‌و گەورە، لەو هۆزو تیرە ئاریایانە، لە رێبازی ئەفغانستانی ئەمرۆوە، بەرەو چەم و دۆڵی (پەنجاب) كۆچیان كردووەو تیای‌دا نیشتەجێ بوون.

شایـانی باسیشـە، ئەو ناوچـانـەی، کەتیـای‌دا نیشتـەجێ بوون، بە ناوی، (هـەیتـە هینـدو) ناویـان بردووە، ئەمـەش واتـای (نیشتمـانی هینـدی) دەدات و حاڵی حازریش پێی دەوترێ (هیندستان).

ئەم شەپـۆلـە، هەروەك گەورەتـریـن شەپـۆل بووە، هەروەهـاش شەپـۆلی کۆچکـەری پێشـرەو بووە، یان پێشی هەموو شەپۆلیکەوە کۆچی کردووە.

پشکێنـەرەکـان، وای بۆ دەچن، کە ئەم شەپـۆلـە پتر لە میلیـون ساڵ پێش زایین، یان پتـر لەوە، بەرەو ئەو چەم و دۆڵـەو ئەو ناوچـانـەی هینـدستـان کۆچیان کردووە، چونکە مێژووی نووسینی، یاخود مێژووی تۆمارکردنی (رەگ ڤیدا) کتێبی پیـرۆزی دینیـان بۆ نێـوان (هـەزار) تا (هەشت سەد) پێش زایین دەگەرێتەوە.

١٦ ـ شەپۆلێکی دیکە لەو هۆزو تیرانە، لە ناوچەیەك دا نیشتـەجێ بوون، کە پێی وتـراوە (رەنگـائـەست وسەر)و تا ئێستەش ئەم ناوچەیە نەزانراوە کوێیە!

٥ ـ لە ئاوێستـادا ناوی (ئـەیـریـا) هاتـووەو لەلایـەن (بـارتـۆلـومی)یـەوە (airya) نووسراوە، لە پارسی باستانیش دا هەر هەمـان وشـە بە هەمـان ئاوازەوە بەکار هاتووە. بەلام، لەسـانسکـریتی‌دا بووە بە (ئـاریـا = arya) (ئەیریەن ڤەچ)، زاراوێکی لێکدراوە، لە وشەی (ئەیریەن) لە قەدی (ڤەچ) پێك هاتووە .

وشەی (ئیریا)، یان (ئاریا)، ناوی گەلە ئاریایەکانە، کە هەزاران هەزار ساڵ پێش زایینی ناوچـەکـانی (ئـاسیـای ناوەراست)یان بەجێ‌هێشتووەو ئێستە پێیان دەوترێ هیندوئەورووپایی.

وشەی (ڤەچ = vač) بۆ چەند جارێ لە ئاوێستادا هاتووەو قەدی وشەی (ڤەچەت = vaocat)ە، کە بە واتای (ئاخافتن) دێ.

هەر هەمان (قەد) (ڤەچە = vaca) ی لێ وەرگیراوە، کە بە واتای (ئاواز)و (گۆرانی) دێ. وشەی (ڤەز) یان (ڤاز = vaz) بە واتـای (دوعـا)و (سـروود) دێ. جگە لەو واتایانەی وشـەی ڤەچ)، کە باسمـان کردن، بە واتـای (وشـە)، یان (پەیمان) یان (وتار) دێ.

وا دەردەکـەوێ، کە وشـەی (ڤـاچـار = vačar) یش کە حاڵـی حازر بووە بە (بـازار) هەر لەوەوەو بە هۆیـەوە درست کراوە (ل ـ ٢٢٤٤ ـ برهان قاطع).

ئەوجـا، لێکـدراوی (ئێـریـەن ڤەچ) بە واتـای (ئاریانی ئاخـافتن) هاتـووەو ئەم گەلـەش (گـەلی ئێـریـەن ڤەچ) لە ولاتێك دا ژیاون، کە هەر بەو ناوەوە، ناو نراوە.

٦ ـ لە بەرهەمی کاکەیی‌دا، دەربارەی وشەی (واچ = ڤاچ)ەوە، ئەوەندە وتراوە، کە بتوانێ واتای رۆشن بکاتەوەو سەرچـاوەی پەیـدابـوونی ، دیـاری بکات (تەماشای، ل ـ ٨٤ ـ ٩٠، بکە).

٧ ـ دەربـارەی زانـایـی لێ‌هـاتـوویـی‌و رۆشـنبیـریی میدیەکانەوە، لە سەرچاوەی بروا پێ‌کراوی زۆردا، باسیان پێشرەوی باسانی زانایانی دیکەی گرتووە.

بۆ وێنە، لە کتێبی ئیستەر (THE BOOK OF ESTHER) دا، شای شوش؛ (ئـەهـشـەروش)، تەگـبـیـرو راوێـژی چارەسـەرکـردنـی سەرپێچی شاژن (ڤـەشتی) = (vašhti) خێـزانی، دەخـاتـە بەردەم حەوت ئەمیرەکانی میدیاو پارس (تەماشای، ل ـ ٤٨٩ی هۆڵی بایبل،بە زمانی ئینگلیزیی، بکە)

ئەوەی، کە دەبێ جێگـای سەرنـج بێ ئەوەیـە، کە ناوی میـدیـا (Medi - a) بەم جۆرە نووسـراوەو ناوی میرەکـانیش (میـرەکـانیمیـدیـا) بە ـ me) دەست پێ‌دەکـەن، واتـە، (مێرێش = meres) ، (مارشێنە = mar - sena) و (مێموچەن = me - mu can) ، کەچـی ناوی میـرەکـانـی پارس بەو جۆرە برگەیە، دەستیان پێ‌نەکردووە!! ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە ناوی میـدی باو، بەو برگـەیـە دەسـت پێ‌دەکـات و لەوانـەشـە، زۆربـەی زۆری ناوی جێگـاو شوێـنـە گەورەکانیان، هەر بەو برگەیە دەستی پێ کردبێ، یان ئەو برگەیەی تیادا بێ.

هە لەبەر ناوداری ناوبانگی‌میدیا، لە کتێبی (دانیال)دا،

داریۆش به شای (میدیا) ناو دەبرێ، نەك ناوی پارس، (تەماشای: کتێبی دانیال، چاپتەر ٥، خاڵی (٣٠) ل - ٧٩٧ به زمانی ئینگلیزی، هۆڵی بایبڵ، بکە).

یان، لەکاتێك دا، کە بابل کەوتە ژێر دەسەلاتی (کۆرش)ەوە فەرمانی دا، کە پشکێنەرەکان بە ناو خەزێنەو گەوهەرو نووسراوەکانی گەنجینەو ئەنتیکەخانەکەی‌دا بگەرین، بۆ ئەوەی چ نووسراوێکی میدی ئەگەر هەبوو، بۆ کتێبخانەی کۆشکی (ئەهمێتا = Ashmetha) لە (ئەکباتان = هەمەدان) بی‌نێرنەوە.

(بڕوانە، ل - ٤٦٨، چاپتەر - ٦، خاڵی دووەم، هۆلی‌بایبڵ، بە زمانی ئینگلیزی.).

٨ - زۆربەی زۆری ئاوێستا ناسان، وای بۆ دەچن، کە زمانی ئاوێستا زمانی دینی، یان شێوەزاری دینی میدیەکان بووبێ (تەماشای: ل - چهار - مقدمە - پووداود - فەرهەنگی برهان قاطع، جلد ١ - ث).

سەرچاوەکان:

- S.N. Sokolov, The Arestan Language.

Translated from the Russian, by L. Narrzor

«NAUKA» PubLishing House

Central Department of oriental Literature, Moscow 1967.

- The Holy BinbLe Containing the old and New Testaments set forth in 1611

And commonly known as the king james version

American BibLe society, New york MacdoneLL, M.A. Ph.D

william Heinemann, London

- Ahistory of sanskrit Literature ,by ArtherA.

- An Avestan Grammar, in Comparison with Sanskreby, A.v. williams Jackson

of columbia collegf. New yourk City 1892

سەرچاوەی بێگانەی دیکە.

- تأريخ، مشرق قديم، حسن پيرنيا (مشيرالدولة)، مركزپخش انتشارات عطار

- برهان قاطع، تاليف، محمد حسين بن خلف تبريزى متخلص ببرهان.

- تأريخ زبان فارس، به قلم دكتر پرويز ناتل خانلرى.

- فەرهەنگی فارسی بە پهلوی، تالیف، دکتر بهرام فرەوشی.

- دستورنامە در حرف ونحو زبان پارسی، تأليف، دكتر محمد جواد مشكور

- تأريخ كردوكردستان و (توابع). تاليف شێخ محمد، مردوخ كردستانى.

- اوستا، نامه مينوى آيين زرتشت، تاليف، ابراهيم پورداود

سەرچاوەی عارەبی.

- خلاصة تأريخ الكرد وكردستان - من أقدم العصور التأريخيه حتى الآن وضعه باللغة الكردية، العلامة المفضال معالى محمد أمين زكى‌بگ الوزير العراقى سنة ١٩٣١.

ونقله الى العربية وعلق عليه الاستاذ محمد على عونى ١٩٣٦. (مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر سنه ١٩٣٩)

- ايران في عهد الساسانيين تاليف كريستنسن، ترجمه يحى‌الخشاب مراجعة عبدالوهاب عزام، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهره ١٩٥٨

- تراث فارس، كتب فصوله أساتذه من المستشرقين، اشترك في كتابتهو اشرف على نشره ا.ج. أربرى.

نقله الى العربية من اساتذه كلية الاداب، جامعة القاهرة محمد كفافى، السيد يعقوب بكر، احمد

السادانی، محمد صقر خفاجه، احمد عیسی اشترك فی کتابته وراجع ترجمته یحی الخشاب. دار أحیاء الکتب العربیة عیسی البابی الحلبي وشرکاه، ۱۹۵۹.

- مروج الذهب ومعادن الجوهر، ج۱،۲،۳،٤، المسعودی.

سەرچاوەی کوردیی.

- قامووسی زمانی کوردیی، بەرگی یەکەم، ودووەم عبدالرحمن محمد امین زەبیحی، چاپخانەی کوری زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷۷
- فەرهەنگی مردوخ، شێخ محمد مردوخ
- فەرهەنگی خاڵ. شێخ محەمەدی‌خاڵ، چاپخانەی کامەران.
- کاکەیی. محمد أمین هەورامانی، چاپخانەی الحوادث
- بەغدا ۱۹۸٤.
- فەرهەنگی لەك ولور. حەمیدی ئیزەد پەناهـ - مەحمود زامدار چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا ۱۹۷۸.
- میدیا. ئی.م. دیاکۆنۆف، برهان قانع، لەفارسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردیی، چاپخانه دارالحریة للطباعة بغداد، ۱۹۷۸

بەشی «ئـ»

(ئاپ = ap) :

(ئاپ = ap) لە ئاوێستادا بۆ چەند جارێ پات کراوەتەوە، بە واتای (ئاف)و (ئاو)، (ئاوی) هاتووە.

لە سانسکریتی‌دا، لەبری وشەی (ئاپ) وشەی (ئاپە = apa) یە.

لە پارسی باستان دا، بووە بە (ئاپی = api) لە ئاوێستادا، وشەی (ئاو = ئاپ)، کۆ کراوەتەوەو بەم جۆرەو وتراوە (ئەپام = ap - am) ، کە بە واتای (ئاو + ان) = (ئاوان) هاتووە.

(ئەسبارەی = asbaray) :

ئەم وشەیە، لە دوو پارچە پێك هاتووە وشەی (ئەسپە = aspa) و وشەی (بارەی = bāray) .

ئەم دووانە. یەکیان گرتووەو بە هۆی کارتێ‌کردنی دەنگی دراوسێ‌وە سەر یەکتری ئاڵو گۆڕێ بە دی هاتووەو دەنگی [ب]ی ئاوازەدار، بەسەر دەنگی [پ]ی کپ دا، سەرکەوتووە.

ئەم وشە لێکدراوە ناسادەیە، لە زمانی کوردی‌دا بە واتای (ئەسپ بردن)، (ئەسپ بەردە)، (ئەسپ بەر) هاتووە.

(ئەش = ash) :

وشەی (ئەش)، لە ئاوێستادا، بە واتای (فراوان) بە واتای (وە)، (زۆر)، بێ‌شمار) هاتووە.

(ئاسمان = asman) :

وشەی (ئاسمان = āsmān) ، لە ئاوێستادا، بە واتای وشەی (ئاسمان)، یان (سەما) لە زمانی کوردی‌دا هاتووە.

(ئەڤەی = avai) :

ئەڤەی راناوی ئاماژە (ئیشارەت)ـە، بۆ (دوور)و بۆ (تاك) بەکار دێ‌و بە واتا؛ (ئەوە)، یان (ئەو هاتووە.

بۆ وێنە، لە ئاوێستادا، وتراوە: (ئەڤەی ئەورە = avai awra) ، ئەمەش، ئەگەر وشە بەوشەو بەریز لێك بدرێتەوە، بەم جۆرە دەبێ: (ئەو هەورە).

(ئەسپە = aspa) :

لە ئاوێستادا، وشەی (ئەسپە)، بۆ جینسی (نێر)، واتە (ئەسپ) هاتووە، بۆ وشەی (ماین)، دەنگی کۆتایی وشەی (ئەسپە = aspa) ، کە دەنگی (a -) ی کۆتایی‌یە درێژ بووەو بووە بە (ئا = ā) ، کە ئەمە لە هەندێ (ناو)دا، نیشانەی مێینەیە.

بە شێوەیێکی زۆر رۆشن و فرە ئاشکرا. وشەی (ئەسپە)، بە واتای (ئەسپ) بۆ (نێر) هاتووە. وشەی

(ئەسپا)ش، بە واتای (ماین) بۆ (مێ) هاتووە.

بە پێی ئەو لێك دانەوەیە، وشەی (ئاڤێستا)، بە واتای (زانین)، یان (ناوەرۆك و بنەڕەت زانراو) دێ.

من، بەش بە حاڵی خۆم، بە پێی لێك دانەوەی پارچەكانی، وای بۆ دەچم، كە بە واتای (زەوی بەردار) یان (نیشتمانی بە پیت و بەبەر).

لە زمانی عارەبی و فارسی‌دا، بەچەند شێوەیێ ناوی (ئاڤێستا) هاتووە، بۆ وێنە، وەك:

اوستا، ابستا، استا، وستا، است، اویستا، بستاق، ابستاق، ابستاغ، ابستاه، بستاه، أبستا، افستا اپستا، ستا.

ئاتەر = ātar :

وشەی (ئاتەر)، لە (ئاوێستا)دا پات بووەتەوەو بە واتای (ئاگر، ئایر، ئاویر، ئادر) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (ئاتەرش = ātarsh)و بووە بە (ئاتۆر)یش.

ئاتەرپاتە = āterepate :

ئەم وشە ناسادەیە، بە واتای (ئاگر ئاگاداری كەر) یان (ئاگرەوان) ـ ئەگەر ڕەوابێ ـ دێ. جگە لەمەش (ئاترەڤەن = athravan) یش، بە هەمان واتاو هاو واتای هاتووە ئەم وشەیە، حاڵی‌حازر بووە بە (ئاگرەوان).

(ئارەم = āram) :

وشەی (ئارەم)، لە پێشبەندی (‌(ā ـ = ئا ـ) و چاوگی (ڕەم = ram) ، كە بە واتای (ئارام گرتن)، یان (ئارام بوون) هاتووەو لە كوردی‌دا، وشەی (ئارام) بە هەمان واتا بەكاردێ.

(ئارمەیتی = armaiti) :

ئەم وشەیە، لە ئاوێستادا، بە واتای خۆشەویستی و دۆستایەتی و هاریكاری‌كردن دێ. لە كوردی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (یارمەتی).

(ئەستا = astā) :

وەك ناوێ، (ئەستا) بە كتێبی (زەند) دەوترێ، كە لێكدراوەی كتێبی (ئاوێستا)یە. جگە لەمەش (لەم ناوەش) (ئەبێستا)شی پێ دەوترێ. لای هەندێكیش وەهایە، كە ئەم ناوە، ناونیشانی كتێبی (ئیبراهیم ی زەردەشتی‌یە).

وشەی (ئەستا) وەك ڕەگ، وشەی ئاوێستایی‌یە وشەی ئابستەی لێوە دروست بووە. ئەم وشەیە. (ئابستە) بە واتای (منداڵدان) یان (ڕەحم) هاتووە، بە واتای زەوی بەروبوومدار هاتووە. كەوابوو زەوی‌و زارێكی خەیروبەردار (زەوی كشتوكاڵ) دەگرێتەوە.

وشەی (ئابستە)، لە بنەڕەت دا، ڕیشەیەكە، لە وشەی لێكدراوی (ئاپوثرە ـ تەنو = āputhra tanu) وەوە هاتووە.

وشەی (ئاڤێستا)ش، لێكدراوە، یان دوو پارچەیە. بەشی (ئاڤێ = ave) ، یان (ئاڤ)، بە واتای (ئاو)یان (ئاپ)ەوە هاتووە.

ئاڵوگۆڕی دەنگی [پ]و دەنگی[ڤ]، بێ‌گومان بە هۆی كارتی‌كردنی یەكێكیان لەسەر ئەوی دیكەی دراوسێی لەسەر ڕێبازو ڕێڕەوی ئاسان بوون یان بەرەو ئاسان چوونی زمان، ڕووی داوە.

بە هەرحاڵ، ناوی (ئاڤێستا)، لە پالەوی‌دا بووە بە (ئەڤەستاك = avastāk) ، یان (ئەپەستاك = apāstak) .

وشەی (ئاڤێستا)، هەروەك، لە لایەن (ئەندریاز)ەوە لێك دراوەتەوە، لەبنەڕەت دا (ئوپەستە = upasta) یە، كە بە واتای (بنەڕەت) یان (بنچینە)، یان (ڕەسەن) دێ.

لە لایەن، (ئاڤێستا) ناسی وەك بارتۆلۆمی، بەشی كۆتایی ئەم وشەیە، بە واتای (پەنا)و (كۆمەك كردن) دێ.

(ئەسرەڤ = asrav) :

لە ئاوێستادا، وشەی (ئەسرەڤ) بە واتای (ئەسرین)، (فرمێسك) هاتووە. حاڵی حازر لەكوردی‌دا، بۆ بەدەستەوەدانی ئەو وشەیە (ئەسرەڤ؛و (ئەسرین)و (ئەسرو) بەكار دەهێنرێ.

لەپارسی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (ئەشك). شایانی باسە، بۆ بە دەستەوەدانی هەمان وشە، لە ئاوێستادا، وەك هاو واتایێك وشەی (ئەسروو = asru) هاتووە.

(ئەستی = asti) :

ئەم وشەیە، لە ئاوێستادا، بە واتای (ئێسقان) هاتووە، لە کوردیدا، بۆ بەدەستەوەدانی هەمان واتا، وشەی (ئەستۆ) بە واتای باڵەکەی شان، (ئەستی) بە واتای (ئێسك) یان (ئێسقان) هاتووە.

فرەیزی (ئەستی ـ بیز = asti bis) بە واتای؛ (بە ئێسقان) دێ.

(ئەش = ash) :

لە ئاوێستادا، وشەی (ئەش)، بە واتای (فراوان) یان (فرە)، (زۆر)، (بێ‌شمار) هاتووە.

ئەشیەهـ = ئەچیەهـ = (acyah - asyah) :

ئەم وشەیە لە (ئەش) + (یەهـ) پێك هاتوە دیارە واتای بەشی یەکەمی، چونکە لەسەرەوە لێك دراوەتەوە، ئەوەی دووەمیان بۆ پلەی بەراوردییە لە ئاوەڵناودا، ئا لێرەدا، ئەم پارچە پاشبەندە (یەهـ = yah) پلەی باڵا پیشان دەدات و بە واتای (زۆرترین)، (فرەترین) هاتووە.

ئەرتە = (arta) :

وشەی (ئەرتە)، یان (ئەرێتە = areta) ، لە ئاوێستادا، بە واتای (ڕاست)و (دروست)و (پاك) هاتووە وشەی، (ئەرتەوان)یش، کە دوو پارچەیەو بریتییە لە، (ئەرتە)و (وان)یان (ئەرێتە)و (ڤان)، واتە:

- ئەرتە + وان = ئەرتەوان.
- ئەرتە + ڤان = ئەرتەڤان.
- ئەرێتە + ڤان = ئەرێتەڤان.

ئەم وشە ناساکارە (لێکداوە) بە واتای (پارێزگاری کەری ڕاستی) یان بۆمان هەیە، بڵێین (ڕاستیەوان)، لەسەر کێشەی (پاسەوان)و (دادەوان)و (زیرگەوان).... هتد هاتووە.

وشەی لێکدراوی (ئەرتەڤان)و (ئەردەڤان)، هەریەکێکن و یەك واتا دەبەخشن و بە زۆری لەزمانی کوردییدا بەکار دەهێنرێ.

ئەرەجە = (araja) :

وشەی (ئەرەجە)، لە ئاوێستادا، بە واتای نرخ هاتووە، جگە لەمەش بە واتای (کرێ) هاتووە.

(ئەرەتنە = aratna) :

وشەی (ئەرەتنە)، لە ئاوێستادا بە واتای (ئانیشك) یان (یەرەژنە = ئەرەژنە) هاتووە.

(ئەرشتات = arshtat) :

(ئەرشتات)، لە ئاوێستادا، بە واتای (ڕاستی)و (دروستی) هاتووە، جگە لەوەش ناوی (فریشتەی ڕاستی)یەو ئەم ناوەش بۆ مێینەیە.

ئازی = (āzi) :

ئازی، بە واتای (حەزلێ‌کردنی) زۆر دێ. بە وێنەیێکی ئەفسووناوی بۆ ناوی (دێو)ی تەماع (حەز) بەکار هاتووە. حاڵی حازر، لە کوردیدا، وشەی (حەز) لەبری بەکار دێ.

ئازهی = ئاژهی = (āzhi) :

لە ئاوێستادا، (ئازهی) یان (ئاژهی)، بۆ واتای (مار) هاتووە، جگە لەمەش بە واتای (مارستان) هاتووە کە مەبەستی (مارەدۆزەخ)ەو واتە، (دوزەخێ) یان جێگایێ پڕ بێ لە (مار) بۆ سزادان لە بریی (دۆزەخ) بەکار هاتووە. ئاریانیەکان، (دۆزەخەمار) یان هەبوە. بۆ وێنە، وشەی (ئاژهی) بە واتای (ئەهریمەن) یان (مارستان) بەکار هاتووەو وشەی (ئازهی)یش بە (ئەهریمەن)یان دۆزەخی (باوبۆران و هەورەتریشقەو لافاو) وتراوە.

(ئازیاهـ = āsyāh) :

لە ئاوێستادا، ئەم وشەیە، بە واتای (ئازاترین) هاتووە لەبنەڕەت دا، قەدەکە (asu) یە، کە لە ئاوێستادا، بە واتای (گورج)، (تیژڕەو)، (ئازا) هاتووە.

کەوابوو، پاشبەندی (yah -) بۆ پلەی بەراوردی نێوان ئاوەڵناو بەکار دەهێنرێ، کە لێرەدا پلەی (باڵا) پیشان دەدات.

هەر لە هەمان ڕیشەوە، وشەی (ئازوش = azus) و هی (ئەزامی = azami) دروست بوون.

(ئەزهی دەهاکە = azhi dahaka) :

ئەم وشـــەیـە، بە لای کەمی‌یـەوە، لەسی پارچـە پێـك هاتووە. پارچەکانیش دەبێ لەمانە بەدەر نەبن.

١ ـ (ئەزهی = azhi) ، کە بە واتای (مار) هاتووە

٢ ـ (دەهـ = dah) ، یان (زەهـ)، بە واتای (گەزندە)، یان (زەهردارو زیاندەر) دێ.

٣ ـ (ئاکە = āka) ، بە واتای (خراپ) دێ.

ئەمرۆ، ئەم وشەیە لە کوردی‌دا بووە بە (ئەژدی‌هاك) یان (ئەژدەهاك) یان (هەژدەهاك).

(ئەکە = aka) :

وشـەی (ئـەکـە) یان (ئـەخـە) لە ئاوێستـادا، بە واتـای خراپ (بـەدگـۆ)، (شـەڕرانی)، (زیـانـەخـرۆ) هاتووە ئەم وشەیە ئاوەڵناوەو بۆ نێرینە (ئەکە = aka) یەو بەلام بۆ مێینە دەبێ بە (ئەکا = aka) .

لە زمـانی کوردی‌دا، (ئـەخـە)و (کخـە) لەگـەڵ منالْ و بچووك دا بۆ دوور خستنەوەی لە کردەوەی شەڕ بەکار دەهێنرێ.

وشـەی (ئـەکـەتـەرە)، کە لە وشـەی (ئەکە)وە وەرگیراوە پاشبەندی پلەی بەراوردی وەرگرتووەو بە واتای (خراپتەر) هاتووە.

ئاڤەنت = avant) :

لە ئاوێستـــادا، ئەم وشـــەیـە، بە واتـای (ئـاودار)، یان (ئاوەدان) هاتووە. ئەم وشەیە بە شوێن و جێگایێ دەوترێ کە ئاوی زۆربێ‌و جێگـــای ئاوداریش خاوەنی ئاوەدا نی‌یـــە (ئاو و ئاوەدانی ـ کورد واتەنی): یان جێگا بە ئاوەوە (ئاوا)یە:

لە سانسکـریتی‌دا، ئەم وشـەیـە بووە بە (ئـاپـوڤەنت = apovant) .

ئەڤۆخڤەرێنە = avo - xvorena) :

ئەم وشـە لێکـدراوە، بەچـەنـد واتایێ هاتووە؛ بە واتای (نـاوچـاو)، (ئـاوەخـۆر)، یان (ئاویێ‌خۆرە)، یان جامی‌ئاو خواردنــەوە. یان قـەمــی ئاوەخــۆرەی مەڕو مالات، کە بریـتـی‌یــە، لە هەڵ کۆڵانــدنـی ناوزگـی قەدی دارێـکی ئەستوورو بە درێژایی بۆ ئەوەی ئاوی تێ‌بکرێ‌و بە ریزو بە درێـــژایی، مەڕو مالات ئاوی بەســـەرەوە بخـــواتـــەوە، لە کوردەواری‌دا بەم جۆرە جێـــگـــای ئاو خواردنـــەوەی مەڕ مالاتە، (ئاوەخۆرە) یان (ئاڤەڤەرە) دەگوترێ.

(ئەمسە = amsa) :

وشـەی (ئـەمسـە) لە ئاوێستـادا، بە واتای، (نزدیك)، (دراوسێ)، (هاوسێ)، (هامسا) هاتووە.

جگـە لەوەش، لە کوردی‌دا، (ئـەمـەسـە)، کە واتـای (ئەمەتە)یەو زۆر نزدیك، یان دراوسێ پیشان دەدات.

دوور نی‌یە، کە وشەی (ئامسان)ی کوردی کە بە واتای (ئاوسان) یان هاو واتایەتی، هەر لە هەمان وشەوە وەر نەگیرابێ.

(ئە ـ مرتە = a - mrta) :

ئەم وشـــەیــە لە پێشبــەنـدو قەدێـك پێـك هاتـووە، لە ئاوێستـادا، بە واتـای (نـەمر)، (زیندوو) هاتووە. بەلامەوە وایە، کە ئەم پێشبەندی (a -) یە، لێرەدا، پێشبەندی (نەرێ = نەفی)یە.

بە شێوەیێکی ئاشکراتر (مرتە = mrta) واتای (مەرد)، یان (مردوو) دەدات و بەهەردووکیان پێکەوە (ئە ـ مرتە)، بووە بە (نامردوو) یان (نەمر) یان (زیندوو).

(ئەناهیتە = anāhita) :

ئەم وشەیە لێکدراوە، لە نیشانەی (نەرێ = نەفی)، کە (ئـەنـە = an) و لە قەدی (ئـاهیتـە = āhita) ، کە بە واتـای (ئالوودەو (پاك)و (رۆشن)و بێ (گەرد) هاتووە.

بە پێشبـــەنـدو بە قەدەوە، بە هەردووکیـــانـەوە، واتـای نارۆشن، ناپاك دەدات.

جگـە لەو واتـایـانـەش، بۆ ناوی فریشتـەی (سەرکاری ئاو)، یان (چاودێری‌کەری ئاو) هاتووە.

بۆ بە دەستـــەوەدانی ناوی ئەستێـرەی جوانی ئەستێـرەی

زوهــره، كه رەمــزی جوانی‌یـه، یان به رەمـزی جوانی له قەڵەم دراوە، بەكار هاتووە.

هەر بەو بۆنـەشـەوە، رۆمـانیـەكـانی ئەوسا (لاتینیەكان) ناوی (ڤینۆس)یان لێ ناوە.

(ئەورە = awra) :

وشەی (ئەورە)، له ئاوێستادا، به واتای (هەور) هاتوە. له پالـەویدا بووە به (ئـەبـر = abr) و لەپـارسی ئێستـەش دا (ئەبر)ی پێ دەوترێ.

(ئورڤەرا = urvarā - aurvarā) :

ئەم وشەیە ساكار نی‌یە، واتە لێك دراوە، له ئاوێستادا به واتای (سەوزبوون)، (ڕووان)، (چەكەرەكردن) هاتووە.

له پارسی نوێدا، وشەی (ڕستن)، لەبری بەكار دێ له كوردیدا، وشەی (هۆرورا) یان (هۆرڤرا)، یان (هۆرخزا)و (ڕووان) كه ڕەگ (قەد)ی وشەكەی تیادا دیاری دەدات، به هەمان واتا هاتووە.

(ئۆشترە = ushtra - aushtra) :

ئەم وشــەیــە، له ئاوێسـتـادا پات كراوەتـەوەو به واتـای (وشتر)، (حوشتر) هاتووە، ئەم وشەیە بۆ (نێر)ە ،بۆ مێینە دەبێ به (ushtrā - aushtā) = (ئوشترا).

(ئەیریا = airya) :

له ئاوێستادا، وشەی (ئەیریا) له بری وشەی (ئاریان)ی ئەمرۆیە. ئەم وشەیە، لەپارسی باستان دا، بووە به (ئاریا = arya) یە. ئەمەش وەك ناوێ، بۆ ناوی گەلە ئاریایەكانە.

(ئایزما = aizma) :

ئەم وشـەیـە لێـك دراوە، یان دوو پارچـەیـە، پێشبەندی (ئـەیــزی = ئایــزی = aizi) و لەگــەڵ قەدی (مـا = ma) و پێكەوە، هەردووكیان به واتای (تاقیكردنەوە) دێن،

لەنـاو مەنگــوڕیدا، لەبـری وشـەی (زمـان)، (ئەزمـ دەوترێ، هەروەها وشەی (ئەزموون)و وشەی (ئەزمۆن)یش له كوردەواریدا، بۆ بەدەستەوەدانی واتای تاقیكردنەوە بەك دێت.

وشــەی (ئــەزمــوو) به واتــای (تــاقـیـكــراو)، یـ (تەجروبەكراو) دێ «بۆ وێنە، دەوترێ:

(دۆ)ی ئەزموو لەماستی نائەزموو چاترە»

«تەماشای، بەشی «٤»ی ل ـ ١٣٣ی زەبیحی، بكە»

(ئەیڤە = ai - va) :

له ئاوێستادا، ئەم وشەیە، بۆ ژماردن هاتووەو به واتای (یەك).

له كوردییدا، بۆ به دەستەوەدانی واتای ئەم وشەیە ئەم وشانەمان هەن: (یووە)، (یوڤە)، (یەك).

(ئەن ـ یە = an ya) :

فرەیــزی (ئــەن ـ یە = an - ya) ، به واتــای (یــەكێكی‌دیكـە)، (یـەكی‌دیی)، (یـەكێكی‌دیی)، یان به واتای (یەكێك)، (یەكێ)، (یووێ)، (یوڤێ) دێ.

(ئەیشام = aisām) :

ئەم وشــەیــە، ڕانـاوی ئامـاژەیـە، به واتـای (ئـەوان) (ئادیشا)، كه له كوردیدا هاتوون، دێت.

(ئەیەر = ayar) :

وشەی (ئەیەر)، به واتای (ڕۆژ)، كه واتای وشەی (day) ی ئینگلیــزیی بدات، هاتــووە. بەلامــەوە وایــە، كه ناوی مانگی (ئـایــار)یش، لەبنــەڕەت دا، لەوەوە وەرگیــرابێ، بەوەیدا، كه مانگی یەكەمی بەهارەو بەهاریش به ڕۆژەوە بەهارە، چونكە ژیان بەهۆیەوە بەهاری دێتە پێشەوە.

قاموس «الأيرين ڤج»

محمد أمين الهوراماني

من المعروف جداً، ان الاقوام الهندوايرانية ـ وبسبب تغيير مناخ موطنها الاصلي ـ هاجرت وعلى شكل موجات متعاقبة الى مناطق عديدة ومختلفة كالهند وايران وكردستان

وكان، من بين تلك الموجات، موجة، يعتقد بانها تتكون من ست قبائل رئيسة، هاجرت الى كردستان الحالي وسكنت في ودیانها المختلفة وبنت لنفسها، من هنا وهناك، مدن وقرى كثيرة واهتمت اهتماماً كبيراً بالزراعة وتربية الدواجن.

وكانت تلك القبائل تعرف بالقبائل (الأيرين ڤجنَه) نسبةً الى لغتهم المعروفة بلغة (أيرني ڤج)، وبلادهم المسماة ببلاد (أيرين ڤج).

ان مصطلح (ڤاج)، او (ڤەج = ڤج) مشتق من مصدر فعل (ڤاجه)، (ڤەجه) والذي يقابله بالعربية (قول). ومن الجدير بالذكر، أن هناك لهجة كردية قديمة جداً تعرف بلهجة (ماچو) وبعض الأحيان بلغة (هاچو) الدينية، حيث لاتزال تحتفظ بقوتها الديني عند بعض القبائل الكردية التي تدين بدين (اهل الحق) وذلك عن طريق استعمالها) كلياً في التعاليم وفنون الكتب الدينية، عندهم.

إن ظهور اسم ميديا، بعد تأسيس الدولة الميدية وازدهارها، ادى الى اختفاء اسم اللغة (الايرين ڤجيه) وحل محلها اسم اللغة الميدية وسميت بلاد (أيرين ڤج) ببلاد ميديا.

إزدهرت هذه اللغة (الايرين ڤجيه) قديماً والميدية حديثاً بعد أن اصبحت لغة الدين ولغة الدولة معاً وذلك في عهد الدولة الميدية، ودُوِّنت بواسطتها فنون الكتاب الديني المقدس (أڤستا)

وبعد انقراض الدولة الميدية، اصبحت اللغة تنحصر فى القضايا الدينية فقط والتى عرفت فيما بعد باللغة الأڤستيه.

استمرت هذه اللغة بمسيرتها الدينية الا انها كانت تنحصر فقط في متون الكتاب الدينى المقدس والتعاليم الدينية الأخرى وعند رجال الدين، ومن ثم اخذت تختفى باختفاء الكتاب الدينى ورجال الدين انحصرت نفسها في صدور رجال الدين الذين اختفوا فى مناطق جبلية وعرة فى كردستان، والتى تعرف تلك المناطق بـ (هورامان، واللغة بلغة (ماچو. التى هى الان لاتزال وكما قلنا احدى اللهجات الكردية الدينية.

ان هذه الكلمات التى عرضناها هنا تحت مجموعه (ألف، ماهي الأ عدد ضئيل من كلمات اللغة (الأيرين ڤجنَه) القديمة. وقد قمت، كما يرى القارىء الكريم، بمقارنتها مع الكلمات المتشابهة لها معناً وطناً في اللهجات الكردية المختلفة وعبرها توصلنا الى:

ـ يعتبر اللغة الكردية حفيدة اللغة (الأيرين ڤجية) وانحدارها رأساً مباشراً

ـ إن علاقتها باللغة الپارسية القديمة عبارة عن علاقة القرابة ليست إلا.

ـ تمتلك اللغة الپارسية القديمة بعض الاصوات التى لاتوجد مثلها مطلقاً في اللغة (الايرين ڤجيه).